هەڵسوڕانەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە لوبنان

1-کۆریك لە هۆلی کۆبونەوەی ریکخراوە چەپەکان :

لەسەر بانگەوازی گۆڤاری "الیساری" ڕۆژی 15 تەموز کۆریك بۆ یەنار محمد سکرتیری ریکخراوەی ئازادی ژن لە عیراق لە هۆلی" القا" لە بیروت سازدرا، لەم کۆرەدا کەنزیکەی 60 کەس لە هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنان و چەپ ئامادەی ببون سەرەتا چەند وینەیەکی سلاید لە هەلسورانەکانی ریکخراوەی ئازادی ژن نیشانی ئامادەبووان درا، پاشان یەنار محمد باسیکی پیشکەش کرد سەبارەت بە هەلسورانەکانی ریکخراوو بەرنامەو ئامانجەکانی کە جیگای پیشوازی ئامادەبووان بوو.

2-کۆبونەوەیەك لە ریکخراوی "النجدە" ی ژنان بە ئامادەبونی سەرۆکی ریکخراوەکە لیلی العلی، لەگەل نوینەرانی هەرسی ریکخراوی ژنانی لوبنان (منتدى النساء العربيات)، (منطمة عايشة لمناهضة العنف ضد المراة و العلمانية والمساواتية)، (التجمع النسائي الديمقراطي اللبناني) هەروەها لەم کۆبونەوەیەدا هەندیك لە هەلسوراوانی ئوردوگا فەلەستینیەکان و چەند پاریزەریکی مافەکانی ژنان ئامادەی ببون. دوابەدوای قسەوباسیك کە یەنار محمد سەبارەت بە هەلومەرجی ناهەموواری ئەمرۆی ژنانی عیراق پیشکەش بە ئامادەبوانی کرد، کۆبونەوەکە بریاریدا کە بەیاننامەیەکی پشتیوانی بۆ پشتگیری کردن لە داخوازیەکانی ژنان عیراق دەربکات و کاربکات لە پیناو بەدیهینانیدا بە هاوکاری ریکخراوی ئازادی ژنان لە عیراقدا.

3-چاوپیکەوتنی تەلەفزیونی ینار محمد لەگەل کەنالیNTV لەرۆژی 16 ی تەموزدا بۆ ماوەی 40 دەقیقە. ئەم چاو پیکەوتنە تایبەت بوو بە هەلویستی ریکخراوەی ئازادی ژن لەعیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق سەبارەت بە حکومەتی دامەزراو لەلایەن ئەمریکاوە لەعیراقدا، دەورونەخشی ریکخراوو حزب لە ژیر سیناریویەکی رەشدا کە ئیستا لە عیراقدا دەگوزەری وە بەرنامەکاری ئایندەی ریکخراو بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی ژنانی عیراق.